# سیما و دەرکەوتەکانی ئایین لە نێو ئەفسانەی کوردیدا

پ. د. پەخشان سابیر حەمەد

بەشی کوردی- فاکەلتیبیا ئاداب- زانکۆیا سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە ئامرازێکی ڕۆشنبیرکردن و شێوازی ئاوێتەبوونی بیرۆکە و سۆزە، کە چالاکی پێدەبەخشێت و بەشێکە لە نەستی کۆدا، کورد خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەفسانەیە، تێیدا ئەندێشە و بیرکردنەوەو بیروباوەڕ و سیمای نەتەوەی کورد دەخوێندرێتەوە.

کوردستان وەک چۆن لانکەی مرۆڤایەتی بووە، لانکەی سەرهەڵدانی گەلێک ئایینی هەمەجۆریشە نمونەی: میترایی، ئێزیدی، یارسانیی، کە دواتر ڕیشەیان لە نێو ئایینەکانی دیکەشدا بەدیدەکرێت نمونەی: ئیسلام و مەسیحی. هەروەها یەکەم قۆناغی هەستی ئایینی لای مرۆڤ لە قۆناغی ئەفسانە و دەربڕین و تێڕوانینە سەرەتاییەکانەوە سەریهەڵداوە، بۆیە ئەفسانە قوڵایی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە قۆناغی دەستپێکی مرۆڤایەتیدا، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی چەندین پرسیار لە بارەی نهێنییەکانی گەردوون بە گشتی و ژیانی مرۆڤ و مردنی بە تایبەتی، هەر خۆی بوونی ئەم پرسیارانە ئەفسانەی بەرهەمهێناوە.

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین ئەفسانەو ئایین دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و لێکۆڵینەوە لە سێگۆشەی تێگەیشتن لە خواوەند و گەردوون و مرۆڤ لە ژێر سایەی تێگەیشتن لە کرۆکی ئەم دووانەدا دەبێت، چونکە ئەزمونی ئایینی پشت بە هەڵچونەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەبەستێت،هەر ئەمەشە دەیبەستێتەوە بە ئەفسانە و ئەفسانەش دەتوانێت سود لە هێزەکانی پشت ئەزمونە ئایینیەکان وەربگرێت،گەلێک نوسەری وەک: عەرەبی شەمۆ ،ئەبۆڤیان، ئەفسانەیان کردۆتە کەرەستەیەک بۆ ساغکردنەوەی هەندێ بیروباوەڕی ئایینی کۆن و تازەی کورد، هەمان ئەو هێزە خراپەی ئایین کاری لەسەرکردووە و مرۆڤی لێ هۆشیار کردۆتەوە، ئەفسانەش هاوتەریبی ئایینە و لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە، بۆ هێزی چاکە و ڕەمزەکانیان بە هەمان شێوە لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە.

ئەفســـانە ئەو بـــابەتە كلتـــوريیەی كە لە ســـەردەمە مـــرۆییە ســـەرەتاییەكاندا سەريانهەڵداوە، لە قۆنـاغی پـێش زانسـتدا گوزارشـتی لە بينينـی ديـاردە سروشـتی و بـارودۆخی خودی مرۆڤ و هزركردن لە ژيان و مـردن وەك ژيـانێكی ديـكەی دوای ژيـانە مـادييەكەی،بە واتـايەكی ديـكە بيركـردنەوەو هەسـتەكانی مرۆڤـی سـەرەتايی بەرانـبەر بـوون و گەردون ئەفســانەكانی چێكــردووە،كە بەشــێكی بيركــردنەوە ئەفســانەييەكان تــاكو ئێســتا بەردەوامييـان هەيە،بە تـايبەتی ئەو ململانێيە ئەزەليـيەی لە نێـوان ژيـان و مـردن و ويسـتی مرۆڤەكانـدا بەديـدەكرێت، لەبەر ئەوە لێكۆڵينەوەكەمـان بـۆ (( ***سـيما و دەركەوتەكـانی ئـايين لە نێـو ئەفسـانەی كورديـدا*** ))تەرخـانكردووە و جـگە لە پێشـەكی لە دوو تەوەر پێكـدێت، تەوەری يەكەم تـاوتوێی(( ئەفسـانە و ئـايين،دووانەيەكی لێكـدانەبڕاو))دەكات و تەوەری دووەم :((بيروبـاوەڕە ئايينيەكـان لە نێـو ئەفسـانەی كورديـدا )) لێكدەداتەوە،سـەرباری ئەنجـام و ليسـتی سـەرچاوە و پـوختەی لێكـۆڵينەوەكە بە زمـانی كـوردی و عەرەبـی و ئينگليزی.

**وشە سەرەكييەكان:** *ئەفسانەی كوردی، ئايين، ڕۆشنبيری، زمان، ئاماژە.*

### ١. پێشەكی

ئەفسـانە گێڕانەوەيەكـی بـاڵايە چـونكە بەشـێوەيەكی زارەكـی لە نەوەيەكەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەيەكی تر،بۆيە لە نێو بيرەوەريی كۆيی كۆمەڵگادا بە مەزنيی پارێزراوە و بە پيرۆزی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

ئەفسانەكان بە شێوازێكی ئەدەبی و لە بەرگێكـی هونەريـدا داڕێژراون،بەشێكيان بە شيعر ووتراون و تێيدا دەربڕينـی هيچ و پوچ(خورافی)و حيكـايەتی ميللـی تێكەڵكراون،لە دێرينـدا ئەفسـانەكان هەمـوو شـتێكيان دەنوانـد،هەر لە ڕاڤەكردنـی گەردوون و بـونەوەر و سـەرچاوەی ئـايين و ڕەوشـت وكاروبـارە كۆمەڵايەتيەكـان، بۆيە لە نێو ئەفسـانەكاندا ئـايين لەگەڵ مێژوو و فەلسەفە و ئەوديو سروشت بەيەكدەگەن.

### ١،١. سنوری لێكۆڵينەوەكە

لەبەر ئەوەی لە ئەدەبی كورديدا سنوری نێوان حيكـايەت و چيرۆكـی فۆلكلـۆری و ئەفسانە تێكەڵن و هێشتا بە تەواويی جيانەكراونەتەوە،تەنانەت ئەوەی لە دووتوێی ناونيشـانی ئەفسانەشـــدا كۆكراونەتەوە،بەشـــێكيان ئەفســـانە نين،بـــۆ نمـــونە ئەوەی ڕۆدينكـــۆ كۆيكردونەتەوە،بـۆيە سـنوری لێكـۆڵينەوەكەمـان ديـاريكراوە بە هەڵبـژاردەی هەنـدێك لەو دەقە ئەفسانەييانەی كە سيماكانی ئاينيان تێدا بەديدەكرێت.

## ٢,١. پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئایا ئەفسانە و ئاین هاوتای یەکترین؟ئایا ئەفسانە و ئاین خاوەنی یەک بنیاد یا دوو بنیادی جیاوازن؟و پێکهاتەی هەریەک لە ئەفسانە و ئاین چین؟ ئایین تا چەند لە ئەفسانە کوردییەکان بەشدارە؟گرنگترین سیماکانی ئاین لە نێو ئەفسانەی کوردیدا چین؟ئەمە و لە دوو توێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی چەندین پرسیاری دیکەی هەمەجۆر دەدرێتەوە.

## ٣,١. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دیاریکردنی سیما هەمە چەشنەکانی ئاینە لە نێو ئەفسانە کوردیەکاندا ، و ڕۆڵی ئەم سیمایانە و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤی کورد دا.

## ٤,١. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

سروشتی بابەتی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەخوازێت کە پشت بە ڕێبازی وەسفی_شیکاریی_ڕەخنەیی ببەستێت.

ئەمە و دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە لە دوو تەوەردا پێشکەشکراوە و لە ئاکامدا بە کۆمەڵێک ئەنجامی هەڵقوڵاو لە ڕێڕەوی بابەتەکەدا بونەتە ئەنجام و لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان وپوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

## ٢. تەوەری یەکەم/ئەفسانە و ئاین، دووانەیەکی لێکدانەبڕاو

سێگۆشەی تێگەیشتن لە خواوەند و گەردون و مرۆڤ لە ڕێگەی ئەفسانە و خودی ئاینەوە دەبێت، بە پێی ئەوەی ئەفسانە یەکێکە لە بابەتە زیندووەکانی ئەدەب،کەواتە ئەدەب و ئاین سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی دروستبوونی ئەم پەیوەندییەن، هەردووکیشیان لەسەر هێزی چاکە کە خۆی لە (پەری)دەدۆزێتەوەو هێزی خراپە،کە خۆی لە(مار و ئەژدیها و دێو)بەدیدەکات،بنیادنراون، بەوەی تەواوی هۆکارەکانی بەرەو چاکەبردن و لە خراپە دوورکەوتنەوەیان خستۆتەڕوو،هەردووکیشیان ڕێگەی ناڕاستەوخۆیان گرتۆتە بەر.

ئەمە و لە کاتێکدا هەردووکیان لەسەر بنچینەی ڕۆشنبیرییەکی فراوان دروستبوون، بە تایبەتی کە ئەزمونی ئاینی پشت بە هەڵچونەکان دەبەستێت، هەر ئەم خاڵەیە کە بە ئەفسانەی دەبەستێتەوە، ئەفسانەش دەتوانێت سود لە هێزەکانی پشت ئەزمونە ئاینیەکان لە ڕاڤکردنی گەردون و سروشت و ناخی مرۆڤ وەربگرێت، بۆیە پەیوەندی نێوانیان پتەوتر بووە و هیچیان بە بێ یەکدی ڕاڤەی بابەتەکانیان نەکردووە،هەرچەندە هزری ئەفسانەیی_بە پێی لێکۆلەرە ڕۆژئاواییەکان_پێش هزری فەلسەفی کەوتووە،ئەویش پێش هزری زانستیی هاوچەرخ کەوتووە.

ئەفسانەو ئاین لەو خاڵەوە یەکدەگرن، کە هەردوکیان لە نێو نەستی کۆییدا سەرهەڵدەدەن و بە شێوەی هێما و ڕەمز خۆیان دەنوێنن،بە واتای لە نێو گیانی مرۆڤدا چەکەرە دەکەن،بۆیە(ئەفسانە و فەلسەفە و سیحر و ئایین هەمویان بەیەکەوە بەیەکدادەچن بۆ ئەوەی کۆمەڵە یا ناکۆکیکاری چەشنێکی دیاریکراو لە بیرکردنەوە یا هزریی پێکبهێنن،کە زۆربەی جار بە هزرییەت دەناسرێت)(خلیل،١٩٨٦: ١٧).

ئاین و ئەفسانەکان یەک بنچینەیان هەیە،بەڵام بە پێی قۆناغە مێژوییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە و بە پێی سەردەم بە پەردەیەکی ڕۆشنبیری سەردەمیانە نوێکراونەتەوە،بۆیە هەمو ئەفسانە و ئاینێک بەهایەکی مێژویی هەیە،بە تایبەتی کە (مرۆڤ ویستویەتی لە ڕێگەی ئەفسانەوە سیمایەکی هزری ببەخشێتە ئەزمونەکەی،واتایەکی فەلسەفی قوڵیش بەبەر ڕاستیەکانی ژیانی ئاسایی بکات)(ابراهیم،١٩٧٤: ١٠_١١)

فراس سواح پەیوەندی نێوان ئاین و ئەفسانە ڕاڤە دەکات و دەڵێت:( ئەفسانە لە نێو بیروباوەڕی ئاینی سەرهەڵدەدات و وەکو درێژکراوەیەکی سروشتی ئەو خۆی دەبینێتەوە و کار لەسەر ڕونکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی دەکات، بەو پێیەی ئاین لە بنچینەدا ئەزمونێکی عەقڵی نییە،بەڵکو هەڵچونییە)(السواح،موقع معابر الألكتروني).

بە پێی بۆچونەکانی هیگل(١٧٧٠_١٨٣١)یش وێنەی یەکەمی ئاین سیحرە(وێنەی یەکەمینی ئاین کە پێی دەڵێین سیحر بریتیە لەو کارە گیانییەی کە دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا هەیە،بەڵام ئەم کارە گیانییە نەگەیشتۆتە پایەی گیان، واتە وێنەی تەواو، بەڵکو هێشتا کارێکی پاژەیی و کاتییە)(Cassirer,1955; 223).

هەروەها فردریک ولهلم شیلینگ(١٧٧٥ -١٨٥٤)دەڵێ: (ئەو خواوەندانەی دەرکەوتن دەستیان بەسەر هۆشیاری مرۆیی داگرت،ئەفسانەکان چەشنی مێژوی خواوەند بوون،نەدەبوو بوونیان هەبێت تەنیا لەبواری پراکتیزەکردنی زیندوو و ئەزمونی واقیعی مرۆڤدا نەبێت)(کاسیرر،سەرچاوەی پێشوو: ٤٨)،واتا بوونی خواوەند یەکێکە لە سیما دیارەکانی هاوبەشی نێوان ئاین و ئەفسانە،ئەگەرچی هەندێک لە خواوەندەکانی نێو ئەفسانە بەرجەستە بوون و وردە وردە نادیاریی خواوەند بووە مایەی پرسیاری زێدەتر و شاراوەیی قوڵتر.

پرسیارەکەی پۆل ڕیکۆر لە کۆتاییدا بریتیە لەوەی مەعریفە ڕاستیی زانستی هەموو ڕاستیەکەیە، یا ئەفسانە شتێک دەڵێت، کە ناتوانرێت بە ڕێگەی تر بوترێت(ریكور، ٢٠١٣،صحیفة الأوان الألكترونیە )،بۆیە ئاین بەشێکی دانەبڕاوی ئەفسانەیە و ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤە لە ئەنجامدانی هەموو کاروبارەکانی،ئاین جۆرێکە لە دەرکەوتەکانی ئەفسانە لە ژیانی مرۆڤدا ، لە نێو پرسیارە گرنگەکانی کاسیرر ئەوەیە کە : ئایا ئەفسانە لە ئاکامی

توانای هزر لەسەر خەیاڵکردن سەرهەڵدەدات، یا ڕەگ و ڕیشەکەی لە بوونە واقیعییەکەدایە؟ئایا ئەفسانە قۆناغی سەرەتایی مەعریفەی مرۆیی دەدۆزێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ، یا پەیوەستە بە بازنەی هەڵچوونە سۆزداری و لە ویستی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات؟(کاسیرر،٢٠٠٠: ٦٦)، هەر لەبەر ئەمانە کاسیرر هەوڵیدا هزری ئەفسانەیی بە هزری ئایینی ببەستێتەوە.

کلود لیڤی شتراوس(١٩٠٨_٢٠٠٩) ئەفسانە لەم خاڵانەدا چڕدەکاتەوە: ( Strenski,1987: 40_44)

أ. ئەفسانە بنیادێکی توندوتۆڵی هەیە،ئەم بنیادە شیکردنەوە لە خۆدەگرێت،بنیادگەرییەکەی ڕێگامان پێدەدا ئەفسانەکان وورد بکەینەوە بۆ پێکهاتە ڕەسەنەکەی، هەروەها دەتوانیت ئەفسانەکان لەگەڵ یەکدیدا لە بواری دۆزینەوەی ڕێسا لۆژیکیەکانی ببەستیتەوە.

ب. ئەفسانە پێش ڕێوڕەسم و سروتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێت، هەروەک سروشت و بیر پێش بوونی مرۆڤ دەکەون.

ج. بیر پێش کار دەکەوێت و ئەفسانە ڕۆڵی لە بیری ئەفسانەییدا دەدۆزێتەوە.

د. بیری ئەفسانەیی لە بەرانبەر بیری کارەکییدا نییە،بەڵکو بە پێی(شتراوس)لەوانەیە ڕۆژێک هەمان لۆژیک بدۆزینەوە کە کار لە بیری ئەفسانەیی و بیری کارەکی بەیەکەوە بکات، چونکە مرۆڤ هەمیشە بیرکردنەوەی چاکی هەبووە.

ە. ئەفسانە بە پێی هەموو ئەو وێنانەی تێیدا خراوەتە ڕوو،دیاریدەکرێت.

و. لیڤی شتراوس لە بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکەی(میتۆلۆژیا)تێبینی ئەوەی کردووە کە هەموو ئەفسانەیەک بە سروشتی خۆی یا ئەفسانەیەکی گوێزراوەیە، یا ئەفسانەیەکی وەرگیراوە،ڕەگ و ڕیشەی لە ئەفسانەیەکی دیکە بەدیدەکرێت،کە سەرچاوەکەی نەتەوەیەکی نزیک یا هاوسێیە.

هەر لەبەر ئەوەیە هاوبەشی زۆر لە نێوان هەم ئەفسانەکان و هەم ئاینیش لە ن میرسیا ئیلیاد جەختی لەسەر ڕەهەندی مێژوویی ئاینیەکان کردۆتەوە و دەڵێ: (بوونی هیچ دیاردەیەکی ئایینی تەواو لە دەرەوەی مێژوودا نییە،هیچ دیاردەیەکی مرۆیی بەدی ناکرێت، هەروەها هیچ دیاردەیەکی مرۆیی ئەگەر لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی مێژوویی نەبێت،نییە ،گوزارشتکردن لە ئەزمونێکی ئایینی و ڕێڕەوی گواستنەوەی بۆ ئەوانی دیکە لە سیاقێکی مێژوویی تایبەتدا دەبێت)(الیاد، د.ت: ١٩).

تـا ئەو کـاتەی مـرۆڤ لە پەیڕەوکردنـی ئایینـدا بەردەوام بێـت،ئەوا پێویسـتبوونی بە ئەفسـانەش بەردەوامە، چـونکە مـرۆڤە هاوچەرخەکـانیش چەشـنی مرۆڤـی سـەرەتایی بۆشـاییە مەعریفیەکانیان بە ئەفسـانە و ئـایین پـڕدەکەنەوە، ئەگەرچـی کۆمەڵـگا پێشـکەوتووەکان زیاتر پشت بە ڕۆشنبیری دەبەستن.

ئەفسانە بابەتێکـی هێندە فراوانە لە هەموو بوارەکانەوە لێـی کـۆڵدراوەتەوە و ڕاڤەی هەمەجـۆری بـۆ کـراوە،هەریەک لە (فرۆید)و(یۆنگ)و(ئەدلەر)لەسـەر بنەمـای شـیکردنەوەی دەروونییەوە کاریـان لەسـەر ئەفسانە کـردووە،بە هـۆی ئەوەی ئەفسـانە بنەمـایەکی دەروونیشـی هەیە،بە لای فرۆید ئەفسانە دەرکەوتەکـانی خەونـی کـۆیی دەرخـراوی ناهۆشـیارییە لە لایانـدا بە واتـای مرۆڤـی تەندروسـت و بـێ نەخۆشـی هانـا بـۆ ئەفسـانە نابـات، ئەفسـانە چەشـنی خەون بەرهەمی پرۆسەیەکی دەرونی نەستییە،ڕووداوەکان وەک چۆن لە چوارچێوەی خەونـدا ئـازادانە و بێ بەستنەوەیان بە سنوری کات و شوێن سەرهەڵدەدەن.

دیکـارت(١٥٩٦_١٦٥٠ )لەو بـاوەڕەدایە کە(عەقـڵ دادپەروەرتـرین بەشـکراوی نێـوان خەڵکانە،بە گشتی بەختیان وەکو یەکە ،هەرچەنـدە لە ڕەگەز و زمـان و بیروبـاوەڕ و وڵاتـدا جیاوازن)(عبـاس، ١٩٩٦: ١٣)دیکـارت کـاری لەسـەر پەیوەنـدییەکانی نێـوان فەلسـەفە و ئـایین دەکرد،لەوبـاوەڕەدابوو کە فەلسـەفە درەختـێکە ڕەگ و ڕیشـەی میتـافیزیکە_ئەو دیـو سروشـت_لقێکی فیزیکە_سروشـت_ە،کە سـێ لقـی لێـدەبێتەوە،بریتین لە:میکانیکـا و پزیشکی و ڕەوشت)(باربور، ١٩٩٣: ٣٨)

لە پـاڵ بـاوەڕی دیکـارت بە بـوونی خـودا، ئەگەری ئەوەیشـی دانـابوو ئەم جیهـانە گیـانێکی خراپیشـی هەیە کە فێـڵ لە مـرۆڤ دەکات،نـاوی لێنابوو(شـەیتانی فێڵباز)(عبـدالمنعم، ١٩٩٦: ٨٨)،هەمیشـە بـۆ ناسـینەوەی هێـزە چاکەکە،پێویسـت بە هێـزە خراپەکە بووە،بەمەبەستی پێوانەکردن و دیاریکردنی سنوری هەریەکێکیان بە جیا.

لـۆژیکی ئـاین و ئـایین پەروەری لای کانـت(١٧٢٤_١٨٠٤)ی فەیلەسـوف بە تەواوی دەچێتە بـازنەیەکی جیاواز لە هەسـتکردن بە پابەنـدبوونی ڕەوشـتی لای مـرۆڤ خـۆی حەشـار دەدات، نـاچێتە نـاو مەسـەلە میتافیزیکیەکـان، بەمەش دابەشـکردنی ئەفسـانە لای نەتەوە هەمەجۆرەکان بۆ ٥ جۆر،بەمشێوەیە دەبێت: (حرب، ١٩٩٩: ٩٤_ ١٠٢).

١. ئەفســـانەی پێکهـــاتەیی: ئەم جۆرەیـــان لە هەمویـــان زێـــدەتر تەمـــومژاوی و قورسـترن،چونکە هەوڵـدەدات سـەرەتای ژیـان و قۆناغەکـانی ڕوون بکـاتەوە،نمونەی ئەفسـانەی پێکهـاتەی سـۆمەریی، کە جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە لە پێشـدا تەنیا(خواوەند)(گەشەسـەندن)کە نـاوی یەکەمـی بـووە کە هەمـوو ڕەگەزەکـانی

لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە،خواوەندی ئاسمانی پیاو و زەویی ژن بەیەکەوە نوسابوون،لەوەوە بوون، [(نەمۆ)یان دەریای یەکەم،خواوەندێکی مێ بووە،لە(نەمۆ)وە خواوەندی نێرینەی_ئانۆ_واتا خواوەندی ئاسمان و خواوەندی _کی_مێینە،واتا خواوەندی زەوی لەدایک بووە،دواتر _ئان_بووە بە خواوەندی ئاسمان و_کی_بووە بە خواوەندی زەوی یان خانمە مەزنەکە](صالح،د.ت،١٦).

٢. ئەفسانەی ڕێوڕەسم و سروتەکان باس لە داب و نەریتە باوەکان دەکات.

٣. ئەفسانە هۆکارییەکان .

٤. ئەفسانەی ڕەمزیی.

٥. ئەفسانەی پاڵەوان،دێرینترینیان ئەفسانەی گلگامش و گەڕانیەتی بە دوای نەمریی.

ئەفسانە بڕبڕەی پشتی ڕۆشنبیری پێش ئیسلام بووە لە نیمچە دورگەی عەرەب و دەوروبەری،بە تایبەتی کاتی ڕاوشکاری و کۆبونەوەیان بە دەوری نێچیرەکەیان،ئەمانە بەرجەستەکردنی ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بوون(الخادم،د. ت:٧)

نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن خەیاڵێکی ئەفسانەییە کە بەشێکە لە زمانی گوزارشتی میللی،نمونە هێنانە بە ئاژەڵ وەک :پشیلەی حەوت ڕۆح،کە ڕەهەندێکی ئەفسانەیی میللی هەیە،بە تایبەتی کە پشیلە لە نێو ئەفسانەدا هەیکەلی مرۆڤ دەبێتە پشیلە و خۆی وەک پشیلە دەنوێنێت،یا جنۆکە بە هەمان شێوە.

مێژو هێلێکی کێشاوە تێیدا ئەفسانە میراتگری قۆناغی سیحرە لە پەیوەندییەکی لەمشێوەیەدا: سیحر، ئەفسانە،فەلسەفە،عەقڵ،زانست(بڕوانە:الربیعي،١٩٩٢: ٢٠٢).

هەندێ جار مێژو و پەیوەندی ئایین و سیحر و ئەفسانە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

ئەفسانە،ئایین و سیحر،عەقڵ،زانست،بەوپێیەی دەقی ئایینی لە جەوهەردا تۆوی پاشخانێکی ئەفسانەییە،ئایین هەوڵی بەرەنگاربونەوەی ئەفسانەی پێش خۆی کردووە(الخطیب، ٢٠٠٦: ١١ )

ئەفسانەکان هەر لە دێرینەوە پەیوەست بوون بە ئایینەوە،یۆنانیەکان بە جدیەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەفسانەکاندا کردووە،چونکە باوەڕی تەواویان بەوە هەبوە کە خواوەند دەسەڵاتی بەسەر هێزە سروشتییەکاندا هەیە،بۆیە لێی دەپاڕانەوە و داوای بڵاوبونەوەی چاکەکاریان بۆخۆیان دەکرد و خرپەشیان لێ دوور بخاتەوە،بۆ ئەم مەبەستە قوربانییان پێشکەش دەکرد و جوانترین پەرستگایان دروست دەکرد و دڵگیرترین گۆرانییان دەچڕی،کە تێیدا ستایشی خواوەندیان دەکرد(john, 1992: 24 )

هاتنی ئەفسانە لەپێش ئاییندا دەمانخاتە بەردەم هاوکێشەیەکی پێکهاتوو لە چوار هێز ،هەر هێزێک دەبێتە مایەی لەدایکبوونی ئەوی دیکە،بەمشێوەیە: هێزی عەقڵ، هێزی ئەفسانە، هێزی گیان لە ئاییندا،هێزی سروشت(الخطيب،٢٠٠٦: ١٤)

دیاردە سروشتییەکان گەلێ ئەفسانەیان دروستکردووە،دواتر ئەم ئەفسانانە پەیوەستکران بە خواوەند،ئەفسانەی خواوەند مانگ بۆ نمونە بووە ئەفسانەیەکی ئایینی بەناوبانگ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دێرین(الذنون، ١٩٩٦: ٢٠٤_٢٠٥)

کەواتە(ئەفسانە چیرۆکێکی بەردەستە ڕاڤە بۆ دیاردە ئاینیی یا لەڕادەبەدەرەکانی وەک خواوەند و هێزی سروشت پێشکەش دەکات،کە پەیوەستە بە بونەوەرێکی لە ڕادەبەدەر،یا ڕووداوێکی نائاسایی،ئینجا چ بنچینەیەکی واقیعی یا ناواقیعی هەبێت)(الشمعة، ١٩٧٩: ١٤٦ )،خەسڵەتی سەرەکی کە هەردوو ئاین و ئەفسانە دەبەستێتەوە بە یەکدی،پیرۆزییە،ئەگەر سستێمە ئاینی ئاماژەپێکراوەکان لە نێو ئەفسانەکاندا نەبن،ئەوا دەسەڵاتی ئەفسانە نامێنێت و دەبێتە بابەتێکی دنیایی داریکراو،چونکە لە پیرۆزییەکان دادەماڵدرێت.

بیروباوەڕی مرۆڤی سەرەتایی لەبارەی بونەوەرە نەبینراوەکانی حوکمی دیاردەکانی بوونە دەوردراوەکەیان دەکرد،گۆڕا بۆ بیروباوەری ئاینیی بەمشێوەیە دەتوانرێت بوونی چەمک و بیرەکانی کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ئەفسانانەی چیرۆکی بوونیان بە هەموو سیما جیاوازەکانەوە تێیدا گەردون و مرۆڤ و ژیان گێڕایەوە(عبدالحي، ١٩٩٨: ٦٥).بەمشێوەیە ئەفسانە لە سەرهەڵدانە سەرەتاییەکەی،هەوڵێکی پاکە بۆ لێکدانەوەی هەر ڵێڵیەکی تەومژاوی،یا ڕاڤەکردنێکی ئەو دیاردە سروشتیانەی کە هۆکارەکەیان نەزانراو بوو(فريحة،١٩٨٠: ٢١٢ )،هەر ئەم نەزانراویی و ڕەمزئامێزەی نێو ئەفسانەکانە وایکردووە،هەمان ئەو تەلیسمەی دەوری ئاینی داوە،دەوری ئەفسانەکانیش بدات، بە تایبەتی کە(ئەفسانە ئاینییەکان لە کۆمەڵێک دروشم یا ڕێوڕەسمی ئاینی،کە پێویستییە کارەکیەکانی کۆمەڵە لە لایەک و ئامانجی نزیکبونەوە لە پیرۆزییەکان لە لایەکی دیکەوە،ڕێوڕەسمەکان بە کارە ڕەمزیی و هەمیشە دوبارەکراوەکان دەناسرێن،لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندییەکی گونجاو(قاسم،٢٠١٦: ٩٨).

کاسیرر(١٨٧٤_١٩٤٥) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەفسانە ڕەگەزی داستانیی لە ژیانی ئاینی سەرەتایی دەنوێنێ،هەروەها ڕێوڕەسمەکان تێیدا ڕەگەزی درامی دەنوێنن،بۆیە دەبێ بە ڕێوڕەسمەکان دەست پێبکەین،ئەگەر بمانەوێت لە ئەفسانە تێبگەین،چونکە حیکایەتە ئەفسانەییە تایبەت بە خواوەند یا پاڵەوانەکان دەتوانێت نهێنی ئاینمان بۆ بدۆزێتەوە،کاتێ سەرنج لە خودەکەی بدەین،چونکە لەوە زیاتر نین و تەنیا ڕاڤەن

بـــۆ ئەم ڕێوڕەسمانە(کاســـیرر،١٩٧٥: ٤٨ )،ئەمەش ئەوە دەســـەلمێنێ کە ئەفســـانە و ئـــاین دیاردەیەکی کۆیین،لە ئاکامی وردبونەوە و سۆز و خەیاڵی مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکان سەریانهەڵداوە و بە پێی زەمەن هەم گۆڕانکاری و هەمیش نەشونمایان کردووە.

لێکـۆڵینەوە هاوچەرخەکـان لەبـارەی ڕاڤەی ئەفسـانە و پەیوەنـدی بە ئـاینەوە دوو جۆریان لەیەکتر جیاکردۆتەوە: (سلیمان،٢٠١٢: ٧٢_٧٣)

**یەکەمیان:** پشت بە بنیادی مەعریفی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێت، وەک:کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیـا و زانسـتە ئەدەبیەکـان و زمانیەکـانی چەشـنی_فۆلکلۆر و شێوازناسـی،کە تێیـدا ئەفسـانە بەرهەمێکـی ڕۆشـنبیرییە و لە دووتوێیـدا ڕووداوە مێژوییەکـان و داب و نەریتـی گەلان و ڕێوڕەسـمەکانیان کۆدەکـاتەوە،لە هەمانکاتـدا هەمـوو دیـاردە ژیانیەکـانی ئەفسـانەی تێـدا نەشـونمای کـردووە،ڕەنـگ دەداتەوە.

**دووەمیـان:** پشـت بە نوسـینە لاهوتیەکـان دەبەسـتێت،کە سـەیری ئەفسـانە وەک گـوتـارێکی مەتەڵاوی دەوردراو بە نهێنـی دەکەن،دواتـر بە تەنیـا بە عەقـڵ ناتوانرێـت درک بە نـاوەڕۆک یـا واتاکـانی بکرێـت،بۆیە دەبـێ لە مەیـدانی لێکـۆڵینەوەی عەقڵیـی بگوازرێتەوە بۆ مەیدانی باوەڕداریی.

لە ئەنجامـدا ئەوە دەردەکەوێـت کە کـارێکی زۆر ئەسـتەمە سـنوری تەواوی نێـوان ئەفسانە و ئاین بکێشرێت و بە جیا لێیان بکۆڵدرێتەوە، بە هۆی ئەو هەمـوو بەیەکداچونەی دوانەی ئاین و ئەفسانە،کە تێگەیشتن لە یەکەمیان دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە دووەمیان و پێچەوانەکەیشی ڕاستە.

ڕاستی و ناڕاستی باوەڕداری و ئاین بە هۆی ئەزمونەوە یەکلادەکرێتەوە،بۆیە دەشێ وا مـامەڵە لەگەڵ ئەفسـانە بکەیـن،وەک پاشـماوەی ئـاینێکی کۆن،یـا گێڕانەوەیەکـی ئاینی(محمود، ٢٠١٨: ١٣٩ )

ئەفســـانە لە گێـــڕانەوە کولتوریەکـــان(Heritage Narrative) دوو ســـیمای هەیە:(محمود،٢٠١٨: ١٤٦)

١. گێڕانەوەی چیرۆکیی.

٢. دەشێ پێی بڵێین_ڕاڤەی دیاردە گەردونیەکان_چ لە سروشت،یا لە بونەوەرەکان بە تایبەتی ئاژەڵ.

نوسەر پێی وایە بە هۆی ئەو بۆشاییە ئاینیە ئەمانە سەریانهەڵدا،چونکە(ئەفسانە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی گەردون بە دیاردە هەمەجۆرەکانیەوە،یا ڕاڤەکردنی دیاردە گەردونیە تەمومژاویەکانە،کە لە هێزی لە ڕادەبەدەر بەرجەستە دەبێت،ئینجا چ بۆ خواوەند بگەڕێتەوە،یا بۆ بونەوەری لەڕادەبەدەری چ مرۆڤ یا ئاژەڵ بێت،خەیاڵ تێیدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە،لە پاڵ برێک لە لۆژیک و فەلسەفە)(ابراهیم، : ٩)هەروەک جێمس فرێزەر(١٨٥٤_١٩٤١)لە کتێبی(The Golden Bough)(لقی زێڕین)لەگەڵ (تایلور)و(لیڤی بریل)دا هاوڕایە کە ئەفسانە بەشێکە لە ئاینە سەرەتاییەکان و ئاینە سەرەتاییەکانیش بەشێکن لە فەلسەفە،هەر فرێزەر پێی وایە کە سیحر قۆناغی پێش پەیدابوونی ئاینە و بیرۆکەی بەرجەستەکردنی خواوەندیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەم لە مێژوی ئاینیدا(بڕوانە:فریزر،٢٠١١)،ماکس موللر(١٨٢٣_١٩٠٠)لە سەرهەڵدانی ئایندا دوو قۆناغی دیاریکردووە: (قاسم،٢٠١٦: ٩٤)

١. لە تێڕامان و سەرسوڕمان و سەرنج ڕاکێشان بەدیدەکرێت،کە ئەم بابەتانە پاڵی بە مرۆڤەوە نا بۆ بیرکردنەوە لەوەی هێزێکی سەربەخۆ لە ویستی خۆی دەوری داوە.
٢. گوزارشتکردن لەو بیرکردنەوەیە لە ڕێگەی زمانەوە،مرۆڤ گوزارشتی لەم سروشتە و هێزەکانی لە ڕێگەی بەکارهێنانە فراوانەکانی زمان کرد، کە لە دەربڕینە ڕاستەوخۆکان بە هۆی خوازەکانەوە جیابۆوە.

دەگەینە ئەوەی کە[ئەفسانە بەرهەمێکی هەڵچونی ناعەقلانییە،واتە بەرهەمی حاڵەتێکی هەڵچونییە و عەڵی شیکاری تێدەپەڕێنێ و لە ئاکامدا وێنەی هزریی بەرهەمدێنێ و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان (من_ئەوی دی)و(هەست_نەست)و(زانست_مادده)یە](حسین،٢٠١٦: ٣٠٢).

ئەفسانە و پێویستبونی مرۆڤ بۆ ئاین پەیوەست بوە بە سەرەتاکانی مرۆڤایەتی،بۆیە خەیاڵ نیین،هێندەی واقیعی بیرکردنەوە و شێوازی ژیانکردن و بیرکردنەوە لە حیکمەتەکانی مەرگ و دوای مەرگ و چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ دیاردەکانی سروشتن لە سەرەتاکاندا،تەنانەت لە نێو قورئانی پیرۆزیشدا کە ٩جار وشەی(أساطیر) هاتووە، لە هیچیاندا بە تەنیا نەهاتووە،(أساطیر الأولین)بەڵکو پەیوەست کراوە بە یەکەمینەکان.

### ٣. تەوەری دووەم/بیروباوەڕە ئاینییەکان لە نێو ئەفسانەی کوردیدا

لە نێو ئەفسانەدا بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی بەرەو ئەو ئاراستەیە بووە، کە هێزێکی ڕێکخراو دەسەڵاتی بەسەر هەموو دیاردە سروشتیەکاندا هەیە و خودی مرۆڤەکانیش بەڕێوە دەبات، ئەم هێز و دەسەڵاتەیان لە خوادا چڕکردۆتەوە،چونکە لەو باوەڕەدابوون، کە لە سەروی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی مرۆڤدایە.

ئایین و ئەفسانە تەواوکەری یەکترین، چونکە هەردووکیان پشت بە ئەزمونی سۆزداری هەڵچونیی دەبەستن،بە واتایەکی دیکە هیچ ئایینێک بێ بڕێک لە ئەفسانە بەدی ناکرێت و هیچ ئەفسانەیەکیش نییە کە ئاوڕی لە بڕێک لە ئایین و لایەنە ئاینییەکان نەدابێتەوە،تەنانەت سەرەکیترین ئەفسانە،ئەفسانەی پێکهاتن و ئەفراندنە،سەرباری یاخیبوونی مرۆڤی یەکەمین، هەر لە یەکەم ساتەکانی خولقاندندا خوا لە نادیارییەوە،دەردەکەوێت، بەڵام دەرکەوتنێکی مەعنەوی، هەروەک لەم وتە بەنێوبانگەی نێو عارفەکاندا بەدیدەکرێت:(کنت کنزأ" مخفیا" فأحببت أن اعرف فخلقت الخلق لکي اعرف)هەموو جوانیەکانی داهێنانی ئەدەبی و بابەتی لەڕادەبەدەر دەدرێتە پاڵ هێزێکی نادیار، کە ئەم هێزە لای یۆنانییەکان خوای موزا(musa)و لای عەرەبەکان جنۆکەکانی دۆڵی عەبقەر بوو، تاکو ئێستاش هێزی داهێنان لە دەسەڵاتێکی باڵا دەبیننەوە.

پێکهاتە سەرەکییەکانی ئاین، بریتین لە:١_بیروباوەڕ ٢_ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئاینییە کردارییەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانیان. ٣_لایەنی ئەفسانەیی لە پێکهاتە ئاینییەکەدا.

ئاین کردار و هەڵسوکەوتە،بەڵام ئەفسانە جۆرێکی ئەدەبە، گێڕانەوەیەکە لە ڕێگەی چەندین کەسێتی و ڕووداو و گرێ،بەڵام ڕووداوێکی ئاسایی نییە، تەنیا ئەوەندە پەیوەستە بە مرۆڤەوە کە تا چەند دەیبەستێتەوە بەودیوی شتەکانەوە، بەتایبەتیش بە هێزی خواوەند و گەردوون و کۆی ژیان و دوای ژیان، بۆیە بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان ئەفسانەکان سەرچاوەیەکی ئاینییان هەیە،بە واتایەکی دیکە ئەفسانەکان بەشێک لە ڕۆشنبیری ئاینییان لە کرۆکی خۆیاندا هەڵگرتووە، چونکە(بنچینەی هەموو ئاینێک باوەڕکردنە بە ڕووداوی پشت خۆڕسک_میتافیزیک_و کرداری پەرجۆ_معجزە_و سەرئاسایی_خارق العادة_کە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، باوەڕ شتێکی میناکییە_معنوی_کە لە هەست و دەروونی مرۆڤدا لە شێوەی خۆشەویستییەکی بێئەندازە بەرامبەر بەو خۆشەویستییە دروست دەبێت)(نەبەز،٢٠٠٨: ٢).

لە چیرۆک و بەسەرهاتە ئاینییەکان زۆربەی کات سیمای ئەفسانەیی بەدیدەکرێت،وەکو:چیرۆک و گێڕانەوەکانی ئەفراندن و گەردوون و مرۆڤ،هەروەها سروشت

کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبوو،یەکەم کاردانەوەش ئەفسانە بوو،دواتر ئەفسانەکان وابەستەی ئەو چیرۆکانە بوون  کە لە دەوروبەری خواوەند دەسوڕایەوە، تا بووە مایەی ئەوەی خەڵکان هۆکاری هەر ڕووداوێکی سروشتییان نەزانیبا دەیانگەڕاندەوە بۆ خوایەک لە خوایەکان،لەبارەی ئەوەوە چیرۆکی ئەفسانەییان خولقاندووە،کە بە درێژایی کات باوەڕیان پێ هەبووە و باوەڕیشیان بە ڕاستگۆیی نێو دەقەکان هێناوە)(john:27 ).

بەشێکی ئەفسانەی کورد لەگەڵ پەیدابوونی زەردەشت و بڵاوبونەوەی ئاینەکەی سەرهەڵدەدا و پەرەدەسێنی و بڵاودەبێتەوە،کە تایبەتمەندی ئەو ئاینە و کۆنتریشی بەسەرەوەیە(ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٢: ٢٢٣).

لە ئەفسانەی کوردیدا ئۆبرەزی دێو هەر بۆ بەدخواهییە ،هەرچەندە جەمال نەبەز لەو باوەڕەدایە و دەڵێ:(بە پێی میتۆلۆژیای هیندۆ ئەوروپاییە کۆنەکان،نێوی خودێ دێو(Dew)بووە،کە ئەم وشەیە هەتا ئەوڕۆش لە زمانە ئەوروپییەکاندا هەیە،ئاینی دێو پەرستی(واتە:خودێپەرستیی کۆن لای کورد)لە ئاڤێستادا بە شێوەی دەئیڤا یەسنا هاتووە،کە لە وشەی داسنیدا پاشماوەکەی دیارە،داسنی نێوێکی دیکەیە بۆ ئێزیدییەکان،لەمەشدا دەردەکەوێت، کە ئێزیدییەکان هەڵگری کۆنترین ئاینی کورد بوون،پێش سەردەمی زەردەشتی)(نەبەز،٢٠٠٨: ١٤)،بۆیە دێویش هێزێکی شاراوەی هەیە و نەبینراوە،بەڵام دواتر واتا و چەمکی دیکەی بۆ دروستکراوە،وەک ئەوەی بۆ بەدخواهیی بەکارهێنرا، لە (شانامە)ی (ئەبی قاسمی فیردەوسی)دێوDivs بە واتای گیانە خراپەکان لە ڕەگەزی پیاو و پەری Peri حۆری هەمیشە جوان هاتووە(الجوهري،١٩٨٠: ج٢: ٣٨٧)،ئەمە و جگە لە حۆری کە لە ڕەگەزی مێیینەیە، بەرامبەر بە وێنەی دێو لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی چاکە و خێرخواهیش ئەبینین کە(خدری زیندە)یە،ئەفسانەی کوردی ئەم پیاوچاکە لە وێنەی ئادەمیزاد پیشان دەدات،پیرێکی نەمر کە تا ئاسمان و زەوی مابێت هەر دەمێنێ،و فەوتانی بۆ نییە،کەچی هێزی خراپە هەر لە نەمانە،...ڕێگا نیشانی گومڕا یان سەرلێشێواوان دەدات،زۆرجار ڕێگەی ڕاست،ڕێگەی چاکەکردن و واز لە زۆرداری هێنان نیشانی میر و پادشایان دەدات(ڕەسووڵ،١٩٧٠: ١٦). کەسایەتی خدری زیندە یەکێکە لەو کەسایەتییانەی زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە،نادیارییەکەی وەکو پەیکەرێکی جەستەیی ئەوی خستۆتە نێو چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی،کارو کردەوە و هاوکارییەکانی و بە هاناوەچوونی خەڵکان لە کاتی تەنگانەدا ئەوی کردۆتە کەسایەتییەکی ئاییني ،واتە لە سێکوچکەی:ئاین، ئەفسانە،مێژوو باسدەکرێت،بە واتایەکی دیکە:لە نێوان ئاین و ئەفسانە و ئەمسەر و ئەوسەرکردنی ئەوی خستۆتە چوارچێوەیەکی مێژووییانە،بە تایبەتی کە لە پاڵ کەسایەتی ئەسکەندەری چوار قورنەت ئاماژەی پێدەدرێت.لە ئەفسانە و لەناو کوردەواریشدا،

(خدر) لەسەر شێوەی پیاوێکی نوورانی دەردەکەوێت، پیاوێکی بەتەمەن و ڕیش سپی و جلکێکی سپی یان کەسکی لەبەردایە و دارێکی بەدەستەوەیە، ئێسك لە لاشەیدا نییە و بەم هۆیەشەوە کاتێك تەوقەی لەگەڵ دەکەی، دەتوانی بە نەرمونۆڵییەکەی بیناسییەوە، هەر کەسێك ببینێ و بزانێ ئەمە خۆیەتی، دەتوانێ بیگرێ و هەر شتێکی لێ داوا بکا، بۆی بەدی دێنێ. دەگوترێ هەر کەس چل ڕۆژ خەڵوەتکێشی و خواپەرستی بکات، یان چل ڕۆژ لەسەریەك بەردەم ماڵی خۆی پاك بکاتەوە، خدری زیندەی لێ بەدیار دەکەوێ و دەتوانێ داوای هەرچی لێ بکات ئاواتەکەی بێنێتە دی. لە زۆربەی ئایینەکاندا، کەسانێك هەن باوەڕیان بە پیرۆزیی خدری زیندە هەیە،کەسانێك هەن باوەڕیان پێی هەبێت، لەوانەش شوێنکەوتووانی ئایینەکانی: ئێزدی، دورزی، مەسیحی، یەهوودی موسوڵمان و... نووسەر بەئاگاییەوە لاسایی چیرۆکی خدری زیندەی کردبێتەوە یان بەبێ ئاگایی،نووسەر کەسێتییە سەرەکییەکەی هاوشێوەی خدر بەناو مێژوویدا دەبا، بەشێوەیەك کە پەیوەندی بە کەس و شوێن و مێژووەکانەوە نییە و هەموویان دەبڕێت.

بە واتایەکی دیکە وێنەی مار و عەزیا کە لە ئەفسانەی کوردی هەیە بە باوەڕی ئایینە کۆنەکان دەبەستنەوە،[وا باوە لە هەندێ شوێن کە ئەگەر مار بکوژرێ،فرێی دەدەنە ناو ئاو،ئەگەر باران کەم بوو،خەڵکی دەیەوێ باران باری،وەک ئەوەی جارێکی تر مارەکە بگەڕێتەوە بۆ ژیان](ڕەسوڵ،١٩٧٠: ٩٣)،هێزی خێریش لە شێوەی جیاجیا لە ئەفسانە و هەقایەتی کوردی دەردەکەوێ لە شێوەی پیاو چاک لە چۆڵ و بیابان دەگاتە ئەوانەی بە دوای مەرامێک دەگەڕێن یا ڕێگا وون دەکەن لە ئەفسانەکان بە (خدری زیندە) ناوی دەبەن،ئەفسانەی کوردی وا لەو پیرەمێردە نورانیە دەکات،کە قەت نامرێ و لەناو ناچێ دژی هێزی شەڕ(عەبدولڕەحمان،٢٠١١: ٦ ) .

نەمریی یەکێکە لەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە ئایین و ئەفسانە،لە نێو ئاییندا نەمریی بابەتێکی خوازەییە و لە دووتوێی کار و کردەوەکانی مرۆڤدا بەرجەستەدەبێت،لەگەڵ ئەوەشدا کەمن ئەوانی پێگەی نەمرییان پێ بەخشراوە،کە خدری زیندە یەکێک بووە لەوانە.هەندێک بەسەرهات و ڕێڕەوی نەمری هەریەک لە گلگامش و خدر بەیەکدەگەیەنێت،لەگەڵ جیاوازی ئەوەی گلگامش لە ئاکامی گەڕان و سوڕانی خۆی بە دوای نەمریدایە و ئەوەی خدر بەخششێکە لە لایەن یەزدانەوە پێی بەخشراوە،لە هەندێك ئەفسانەدا، (ئەلیاس) و (خدر) برادەرن و کاری فریادڕەسییان لەنێوان خۆیاندا بەش کردووە: خدر: بە فریای ئەوانەوە دێت کە لەسەر بەڕ و وشکاتیی وئەلیاس: بەهانای لێقەوماوانی تخووبی ئاوەوە دەچێت، لە ئەفسانەکاندا، ئەوی (خدر) و (ئەلیاس)ی زیندوو ڕاگرتووە، (خواردنەوەی ئاو)ە، بەم ئاوە دەوترێت: (ئاوی حەیات، ئاوی حەیوان، ئاوی بەقا، ئاوی

خدر،ئابی زیندەگانی،...هتد) ،بەو کانییەی کە ئەو ئاوەی لێ دەردەچێت، دەوترێت: (چەشمەی حەیات، کەنیی ژیان، کەنیێ نۆشدار، چاوگەی ژیان،کانی ژینێ،...هتد)(بڕوانە: عارف،٢٠٠٧: ٢٩)

هەندێ لە سەرچاوەی زانا یەهودییەکان کەلە سەدەی یانزەی زایینی تۆمارکراون،گێڕانەوەیەکی تا ڕادەیەک هاوشێوەی موسا و زانا(خدر) بەدیدەکرێت،پاڵەوانی ئەم گێڕانەوەیە (ئەلیاس)و(یوشعی کوڕی لاوی)یە،کەلە ڕاڤەکارانی(تەلمود)ن لە سەدەی سێی زایینی،دەشێ هەریەک چیرۆک بن،بەڵام بە هۆی کات گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت(قطب، ج٤، ١٩٧٢) لای موسڵمانان، پەیامبەر (ئەلیاس، ئیلیاس) دەگەڕێنرێتەوە بۆ پەیامبەر ئیدریس، کە بە زیندووی بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان. لای جووەکان پێی دەوترێت: پەیامبەر (ئیلیا)، کە بەرزبووەتە بۆ ئاسمان و نەمردووە ،ئەم ئیلیاسە، کەسێکی بە جێنشینی خۆی داناوە، بە نێوی (یوشع، یەشع - الیشع). لای جوولەکەکانیش تێکەڵیی کراوە لە نێوان (ئەلیشع) و (ئەلیاس)دا.هەردوو ناوەکە هەر یەك شتن و وشەی (ئەلیشع) و (ئەلیاس - ئەلیسا) گۆڕاوی یەکدین .  هەموو ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەو پرسیارەی ئایا خدری زیندە لە ئەفسانەوە چۆتە نێو ئایین یان بە پێچەوانەوە لە ئایینەوە چۆتە نێو ئەفسانە و بڵاوبۆتەوە و لە نەستی کۆدا جێگیر بووە و بۆتە بەشێک لە بیروباوەڕی خەڵکان،دەشێ بڵێین خدری زیندە هەم کەسایەتییەکی ئایینی و هەم ئەفسانەییە ،تەنانەت هەندێک دەیبەنەوە سەر چیرۆکی (تەموز و عەشتار)(بڕوانە:ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٢: ١٥٤)،کە هێندە سەرەداوەکان تێکەڵن ،ئەستەمە ئاڵۆزییەکەیان نەمێنێت و بازنەی بابەتەکان بە پێی ئایین و مێژوو و ئەفسانە دیاریبکرێن،چونکە هەمیشە پێیەکیان لە ناو ئایین و پێیەکەی دیکەیان یان لە ناو ئەفسانە یان لە ناو ئەفسانە و مێژوو پێکەوەدایە.ئەم وێنەیەی خێرخوایی هەر بە ناوی( خزر)ەوە لای گەلێک نەتەوەی ڕۆژهەڵات هەیە و هەندێ لە فۆلکلۆرناسان ئەیبەنەوە سەر ئایینەکانی پێش ئیسلام ،هەروەها لە داستانی(مەمی ئالان)دا کە سێ براکەی میری باژاڕی مەغریب(مەبەست لێی وڵاتی بۆتانە) لە تاو ئەوەی کە هیچیان کوڕێکیان نییە جێگەیان بگرێتەوە،بۆیە  بەرگی دەروێشی دەپۆشن و دەڕۆن،خواوڕاستان ئەو پیاوچاکەی ئەفسانەی کوردی دێت بە پیریانەوە:

.....هەر سێ برا ڕوونیشتی و دلی وان ب وان شەوتی و ژ خوەرا
گریانە
رەبی ئالەمێ خۆجەیی خدر ل وان کر بەیانە
..........وە ڕابن بەری خۆ بدەن باژاڕی مەغریبێ و خانیێن خۆیی گرانە
هەڕن باژاڕی مەغریبێ ڤەکەن دەمی خەزێنا و دەفینانە

پەران بڕژێنن لە زوکاکا و کووچانە
سەر ژێ بکەن قوربان و دەهیانە
ژ بۆ خاتری فەقیر و فوقەرانە..........(مەمی ئالان،١٩٥٨: ٣_٤)

بەمشێوەیە گوێڕایەڵی قسەکانی خدری زیندەیان کرد و کوڕێکیان بوو،گوایا هەر خۆی خدری زیندە ناوی نا(مەمی ئالان)،(خواجای خزر_خدری زیندە_لە شێوەی_ساتۆشیانت_دا لە ئایینی زەردەشتیدا هەبوو)(نەبەز: ٢١). ئەو سەرچاوەو رووبارانەی "خدری زیندە" بەلایاندا گوزەری کردووە، کیسەڵەکانی تەمەن درێژن و بەسیمبۆلێکی پیرۆزی دەزانن. لەسەرەتاکانی بەهاردا کوردە ئێزیدی و عەلەوی و موسڵمانەکان بۆ خاتری رۆحی "خدری زیندە" بەرۆژوو دەبن، پاشان بەکۆمەڵ و بەو بۆنەیەوە دەیکەنە جەژن.. لەکۆمەڵێکیشەوە بۆ کۆمەڵێکی تر سات و وەختەکەی دەگۆڕدرێت .

ئەگەر ئافرەتێک منداڵی نەبێت،ئەوا سێوێکی دەداتێ و منداڵی دەبێت،وەک لە ئەفسانەی(دەروێش)دا هاتووە:ژن و پیاوێکی پیر منداڵیان نەدەبوو،رۆژێک دەروێشێک هاتە ماڵیان ، کە دەزانێت منداڵیان نییە سێوێک لە گیرفانی دەردێنێت و دوو لەتی دەکات و هەریەکەو لەتێکیان پێدەدات و پێیان دەڵێت:ساڵێکی دیکە خودا کیژێکتان دەداتێ،بەلام دەبێ من ناوی بنێم، ئیتر دەڕوات(ڕۆدێنکۆ،١٩٩٩: ٢٤٦ و لاپەڕەکانی دیکە)، بە هۆی دوعاکردنەوە نیازەکەی دێتە دی،هەروەک لە ئەفسانەی(گولبرین)دا هاتووە:یا خدری زیندە ،منداڵی هەوەڵم کچ بێ یا کوڕ،نەزری تۆی دەکەم،لە شەڕی ئەو کابرایەم نەجات بدەی(ڕۆدێنکۆ،١٩٩٩: ٢٤٣)،ئینجا دواتر خدری زیندە بە لیباسێکی سەوزەوە دەردەکەوێت و بە کچەکە دەڵێت:

ناوی تۆ گولبرین دەبێ،هەموو جار کە پێبکەنی گوڵی سور لە دەورت بڵاودەبنەوە،ئەگەر بگری باران دەبارێ،هەموو جار کە بێیەوە ماڵێ هەمبانێکی پڕ لە زێڕ لەسەر دەرانەی دەرگا هەڵدەواسرێ،گیانی تۆ لە مروارییەکدا دەبێ و ئەو مروارییەش لە دڵی ئاسکێکی بێ شاخ و نێوچاوان سپیدا دەبێ،خدری زیندە ئەوەی گوت و بزر بوو(ڕۆدێنکۆ:٢٤٢)،گوڵ ڕەمزی پێکەنین و جوانی و باران ڕەمزی گریان ،مرواری ڕەمزی پاکێتی و بەها بەرزی، کە لە ئایندا زۆر ئاماژەی بۆ کراوە.

لە ئەفسانەی(میرمح)یشدا فەلەک سێ سێو دەداتە میرمح و پێی دەڵێ:ئەو سێ سێوە بگرە و مەیچوێنە، هەتا ئەو سێوانەت لابێ،خۆت و ئەسپ و تاژییەکەت هەروا بە گەنجی دەمێننەوە(ئیبراهیم حەسەن،٢٠٠٢: ١٦٢)،ئەمەش وەکو گەیشتنی گلگامش بە گیای نەمری و لەدەستدانی بە هەر هۆکارێک بێت،(میرمح)یش سێوەکان لە دەست دەدات و پیر دەبێت.

بۆیە سێو ڕەمز و نیشانەیەکی فرە دەلالەتە لە هەردوو ئاین و ئەفسانەشدا ،تەنانەت وێنەی خۆر و ڕۆڵی لە نێو ئەم دوانەدا، بە دوو جۆر لێکدراوەتەوە،هەندێکیان بەو سێوەی دادەنێن کە لە ئاینە ئاسمانیەکان هاتوە و _ئادەم_ خواردی و لە بەهەشت دەرکرا،هەندێک ئەم پارچە ڕۆژە بە _زانیاری_مەعریفە_دادەنێن(بڕوانە:ڕەسوڵ،١٩٧٠: ١٢_١٣)،هەر ئەمەشە خۆر و ڕوناکی بە زانین و خوێندەواری لێکچواندوە و لە ئاینی(میهرپەرستی_میترا_دا ڕۆژ،ڕوناکی،ئاگر پیرۆز بوە،بە پیرۆز زانینی خۆر لای میترائیەکان ئەوەندە گەورەیە ڕۆژانە دوو جار کرنۆشی بۆ دەبەن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ میترا دەردەبڕن،هەر ئەو پیرۆزیەشە دەچێتە ناو ئاینی زەردەشت و ئەویش شوێنێکی بەرز و پیرۆز بۆ ڕۆژ و ڕوناکی ئاگر دادەنێ ،بەڵام ناگاتە ئاستی خواوەند و پەرستن)(نادری، ٢٠٢١: ٢٣٩).

تەنانەت قوربانیکردن کە یەکێکە لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکان،کە(قوربانیکردنی گا لە میترایزمەوە داهات،چووە نێو ئاینی جو و ئەوجا ئاینی ئیسلامەوە)(نەبەز:١٦)،کە لە ئەفسانەی (گولبرین)یشدا مەڕێکی زۆری کردە قوربانی و میوانخانەی دروستکرد،تا کێوەکە نەمێنێ،بەڵام چەندیش هەڵیدەکەند وەکو خۆی لێدەهاتەوە(بڕوانە:ڕۆدێنکۆ:٢٤٤)، کێوەکە چەشنی بەردەکەی سیزیفە،هەمووکات وەکو خۆی لێدێتەوە.

هەروەک چۆن لە ئەفسانەی تۆفانی سۆمەریشدا لە کاتی گەیشتنی کەشتییەکەی زیو سودرا بە لوتکە و لەسەری لەنگەری گرت قوربانییەکی پێشکەشکرد(بڕوانە:ئەڵوەنی،١٩٩٧: ١٥)،کەواتە سەرچاوەی قوربانیکردن وەک گوزارشتکردن لە سوپاسگوزاری خواوەند لە ئاکامی بەدیهێنانی نیازێکی دیاریکراو،هەم لە نێو ئاین و هەم لە نێو ئەفسانەکاندا ڕەگوڕیشەکی قوڵی هەبوە و هەیە.

هەروەها(بەسەرهاتە پاڵەوانێتیەکانی_کێرێساسپە_ئەژدیها کوژە بیروباوەڕ و تێڕوانینی دینی مەزداپەرستی واتا زەردەشتیی گرێدراوە و دواجار ئەم پاڵەوانە بە پێی تێڕوانینی دینی زەردەشتی لە کۆتایی جیهاندا دووبارە هاوشانی نەمرانتی دینی زەردەشتی دەردەکەوێتەوە و دواین زەبری کوشندە لە ئەژدیهاکە(زوحاک)دەدا کە هێما و ڕەمزی هێزە خراپییەکانە و جیهان لە گشت ناشرینی و پیسی و خراپەیەک پاکژ دەکاتەوە)(حەسەن،٢٠٢٢: ٦٨٦)، ئەم پاڵەوانە لەسەردەمی پێش زەردەشتدا وەکو خواوەندێک یا نیمچە خواوەندێک بووە کە هێزە خراپ و ئەهریمەنییەکان لەناو دەبا،لەگەڵ خواوەندە شەڕەنگێزەکان کە بە دەئیڤە واتا دێو ناسراون لە ململانێدا بووە، ڕێک وەک مەردوک لە ئەفسانەی خواوەندانی سۆمەری کە ڕووبەڕووی خواوەندە شەڕەنگێزەکانی دیکە وەکو تیامەت دەبێتەوە)(حەسەن،٢٠٢٢: ٧٠٣)،ئەمە لەگەڵ بیروڕاکەی جەمال نەبەز یەکدەگرێتەوە،کە دێو خواوەند بووە، بەڵام خوای شەڕ ،کە تاکو ئێستاش ئەم چەمکەی

هەڵگرتـــووە،ئەمە بـــۆ ئەوەش دەگەڕێـــتەوە کە(لە زەردەشـــتی ئـــاهورامەزدا و ئەهـــریمەن هەردوکیـان هەبـوون،بەڵام لە ئـاینە سـامیەکان وەک ئـاینی موسـایی و عیسـایی و ئیسـلام خودێ_ئیلـوهیم بە عیبـری و ئەڵـلا بە عەرەبـی_ خـۆی شـەیتانی هێنـاوەتە بوون،ڕێپێپێـداوە تـا کۆتـایی جیهـان خراپەکـاری بکـات، هەتـا ئەو کـاتەش لە ژێـر فەرمـانی خۆیـدایە و لە ئەنجامیشدا هەر خودێ زاڵ دەبێ بەسەریدا)(نەبەز:١٩).

(بە پێی دەقی ئاڤێستا ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە بنچینەدا ئەفسانەیەکی خواوەندی بووە و دواتـر لە ژێـر کـاریگەری بـاوەڕ و جیهـانبینی دینـی زەردەشـتی بۆ ئەفسـانەی پـاڵەوانیی گۆڕاوە(حەسـەن،٢٠٢٢: ١٥٣)و(لە ئەنجـامی ئەم گەشـە و گـۆڕانە کەسـێتیەکان لە پـلەی خواوەنـدییەوە بـۆ ئیـزەد یـان فریشـتە و دواجـار بـۆ مـرۆڤ لە گەشـە و گۆڕانـدا بـوونە، ئەژیـدەهاکە لە قۆنـاغی ئەفسـانەی خواوەندیـدا ئەژدیهـا خواوەنـد بـووە،لە قۆنـاغی ئەفسـانەی پـاڵەوانێتی بۆ ئەژدیهـا_مرۆڤ گۆڕاوە)(سـەرچاوەی پێشـوو:١٥٣_١٥٤)،هەرچەنـدە د. صـادق رضـا زادە شفق لە بەراوردی نێوان شاهنامە و ئاوێستا دا پێی وایە فەرەیدون و زوحـاک لە ئاوێسـتا دێرینترە و بنچینەی لە کتێبە هیندیە پیرۆزەکاندا هەیە،نمونەی کتێبی(ڤیدا)(بڕوانە: شفق، ١٣١٣)لە پاڵ ئەوەدا (د.حسین مجیب المصري)ش لە کتێبی(الاسطورة بین العرب و الفـرس و الترک)ئاڤێستای بە بەرهەمی بیری فارس داناوە،نەک کورد(بڕوانە:المصري،٢٠٠٥: ٤٤٤).

لە ئێسـتادا لە بـۆنە ئـاینیەکەوە گـۆڕاوە بـۆ بـۆنەیەکی بە تەواوی نەتەوەیـی و لەسەرچاوە ئاینیەکەوە دوور کەوتۆتەوە.

لە (گێڕانەوەی_زەمبیل فرۆش_کە فەرمانداڕێکی زۆر بە دەسەڵات و دەوڵەمەند واز لە دەسەڵات و سامانی خۆی دەهێنێ، ڕامانی بودایزم دێنێتە بەرچاومان)(نەبەز: ٢٢).

لە ئەفسـانەی -میـرمح_ی ئێزیدیـدا کە نـزیکە لە چەمـکە گشتیەکەی زەمبیـل فرۆش،(میرمح)ی کوڕە میر و منداڵی تاقانە،مردن دەبێتە خـاڵی وەرچەرخـان و گەڕان بە دوای نەمـری و مـانەوەی ئەبەدی لە ژیـان،دوای گەشـتێکی دوورودرێـژ و گەیشـتنی بەو عەردەی کە مردنـی لـێ نیـیە،و گفتوگـۆ کردنـی لەگەڵ(قوبـا فەلەکـێ)و ئاگـادارکردنەوەی میـرمح بەوەی تەنیـا نەچێتە(گـرێ هەی و هـایی)(ئیبراهیم حەسـەن،٢٠٠٢: ١٦٢)،ڕێـڕەوی ئەفسـانەکە درێژ دەبێتەوە و چەندین قۆناغ و بەسەرهاتی ئەفسانەیی بەدوای یەکدا دێن و تا بەوە دەگەن کە مـردن حەتمیـیە و هـیچ ڕێگـا چـارەی نیـیە،وەک چـۆن لە ئاینەکانیشـدا ئەم بـابەتە تاوتوێکراوە.

لە گێڕانەوەی(قچاقی ساختەچی)دا کە قچاق کەسێکی ڕۆحانیە و ئێزیدی لایان وایە شـتی غەیبـی دەزانـی،بەڵام غەیبزانێکـی بە ڕێکەوت،کە دەلالەت لە کەسـێتی زیرەکـی

قچاق دەکات(بڕوانە:رۆدێنکۆ،١٩٩٩: ٤٦)، و دەلالەت لە هونەری وەلامدانەوەی گونجاو دەکات و لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمانە بە ئاین دەبەستنەوە.

ئەفسانەی زەردەشتی ئەوە دەردەخات کە رۆحی زەردەشت لە دوو شێوە و شوێنی جیاوازدا ژیاوە لە یەکەمیاندا رۆح بە بێ جەستە و لە دووەمدا هەردوک پێکەوە ئەفسانەی شاماران کە شاماران خواوەندی زانین و پارێزەری نهێنییەکانە،سەری ئافرەتێکی جوان و قاچەکانی و کلکی مارن،بەسەرهاتی شاماران لە نێوان(تامەسپ)و(شاماران)لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە تامەسپ دەکەوێتە ناو بیرێکەوەو لەوێدا شاماران سەرنجی رادەکێشێت،

شاماران زۆر زانا و شارەزای نهێنیەکانی دنیا دەبێت و بەسەرهاتی جیاوازی لا دەبێت، بۆیە چیرۆکی دروستبونی مرۆڤ بۆ تامەسپ دەگێڕێتەوە،(تامەسپ)یش بە تامەزرۆییەوە گوێیان بۆ رادێرێت تا زیاتر یەکتریان خۆش دەوێت(حەمەڕەش،١٤٠٢: ئینتەرنێت)،ئەمە وەکو هەزار و یەکشەوەیە،لەم ئەفسانەیەدا ئەمانە جێگەی سەرنجن:

١. نەدرکاندنی نهێنی و ئاشکرانەکردنی شوێنەکە.

٢. خۆنەشوشتن لەبەردەم خەڵک،ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدات پێستی وەک کاژی ماری لێدێت،خەڵک بە ئەسڵی نهێنیەکە دەزانێت.

لە رێڕەوی گێڕانەوە ئەفسانەییەکە هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت،لەبەر ئەوەی تامەسپ سەری شامارانی خواردوە،هەموو زانایی و نهێنییەکانی شاماران وەردەگرێت و دەبێتە لوقمانی حەکیم،ئەو حەکیمەی کە گیا و درەختەکانی گۆرانی بۆ دەڵێن و نهێنیە پزیشکیەکانی خۆیانی بۆ دەخەنە ڕوو.

(مار)لە گەلێک ئەفسانەدا بۆتە رەمزی نەمریی و بایەخێکی زۆری لە نێو ئەفسانەکاندا هەبووە،تەنانەت لەسەر دیواری دەروازەی لالش پیرۆزی ئێزیدیەکان وێنەی مارێک کێشراوە.

وەک چۆن لە (گلگامش)یشدا کە دەبێ بگاتە ئەو چیایەی کە(ئۆتناپشتیم)ی لێیە کە نهێنی نەمری دەزانێت و ژن و پیاوێک لە شێوەی مار پاسەوانی دەکەن(بڕوانە: فریزر،٢٠١٦: ١٦١ و لاپەڕەکانی تر)،لە(سفر التكوين)و گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئادەم و حەوا گوایا ئەو دارەی کە نەدەبوو لێی بخۆن،داری مەعریفەی چاکە و خراپە،لە رێگەی مارێکەوە حەوا لە خشتەبراوە و بە هۆیەوە چاویان لەسەر حەقیقەتی ژیان کردەوە(فریزر:١٠٠_١٠١)،سەرکێشی و سەرکێشییە بالاکان کرۆکی ئەفسانەن،کە دواجار

ئەم سەرکێشیانە لە سەروی مرۆڤن و تایبەتمەندی پاڵەوانە باڵاکانی نێو ئەفسانەکانن و هەمیشە دەمێننەوە.

بە پێی باوەڕی یارسانەکان و ئاینە کوردییەکانی دی،ڕەوانی زیندەوەر سەرچاوەکەی هەناسەی خوایە،کە ئەمەش ڕامانێکی زەردەشتیشە(نەبەز:٢٩)،ئەمە لەگەڵ قورئانی پیرۆزیشدا یەکدەگرێتەوە کە خوا دەفەرموێ:فنفخنا فيها من روحنا(سورەتی الأنبياء،ئایەتی٩١).

بۆیە هەموو پاڵەوانەکانی نێو ئەفسانە ئەوانەن کە توانیویانە (خوەرینە)بەدەست بێنن و بە هۆیەوە سەربکەون،(خوەرینە)بە واتای فەڕوشکۆی یەزدانی، ئەو فەڕوشکۆیەی لە لایەن ئەهرۆمەزداوە بە پاشا دادپەروەر و باوەڕدار و پاڵەوانی گەل بەخشراوە،هەر کەسێک خاوەنی خوەرێنە بێت ،بەسەر گشت دوژمن و دێو و ئەژدیهایەکدا سەردەکەون،نمونەی کێرێسەسپە(بڕوانە: حسن،٢٠٢٢: ٦٨٩)،تاکو ئێستاش ئەوانەی سەرکەوتن بەدەست دێنن لە بوارە هەمەجۆرەکاندا،بۆ پاڵپشتی یەزدانی دەگەڕێننەوە.

بنچینەی ئاینەکان لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەکەن،بۆ نمونە ئاینی زەردەشت و ئیسلام و سەربوردەی هەندێک لەو پێغەمبەرانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتون،بەتایبەتی گەشتەکەی زەردەشت بۆ ئاسمان بە هۆی فاهۆمانای گەورە فریشتەکانی خودا و بینینی خودا و پیشاندانی بەهەشت و دۆزەخ(بڕوانە:مهدي،١٩٨١: ٧٩)،کە هەمان گەشتەکەی پێغەمبەری ئیسلام(محەمەد_د.خ)یە،بە هۆی بوراقەوە بۆ ئاسمان،تەنیا ناو و زەمەن و کەرەستەکان گۆڕاون.

لە ئەفسانەی(ڕۆستەمی زاڵ)(ڕۆدێنکۆ،١٩٩٩: ١٩٤ تا ٢٠٦)،چەندین بابەتی لە ڕادەبەدەر بەدیدەکرێت،نمونەی:کیژی شای پەریان و بینینی خەونێک کە دواتر بەدیدێت،بونی کلێسا و مزگەوت و ململانێی نێوانیان و سیمرغ و گەورەبوونی خێرا ،بونی کێوێک کە نەدەبوو سەرکەون ،کە لێرەدا کێو و لە بەسەرهاتی ئادەم و حەوا دار ،زیندوکردنەوە،عەزیا،دێوی بەسام،جادوو،غەیب گۆ،چەندین نمونەی دیکە کەهەندێکیان لە ئاینەکانی مەسیحی و ئیسلام دا بەدیدەکرێن.

### ٤. ئەنجامەکان

١. کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین لە نێو ئەفسانەکانیدا و لە ئاکامی بونی نهێنیەکان و پرسیارە زۆرەکانی مێشکی زیاتر چۆتە نێو ئاین و نەبونی مەعریفەیەکی تەواوی خۆی وەکو مرۆڤ یا مەعریفە زۆر دیاریکراوەکانی وایکردووە بۆشاییە مەعریفیەکانی بە ئاین و ئەفسانە وەک دوانەیەکی لێکدانەبڕاو

پڕبکاتەوە،چونکە لە پشت گێڕانەوە ئاینی و ئەفسانەییەکاندا ڕەهەندێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بەدیدەکرێت.

٢. لە نێو بەشێکی ئەفسانە کوردییەکاندا ئەوە بەدیدەکرێت کە نە ئەفسانە و لێکدانەوە ئەفسانەییەکان توانیویانە دەستبەرداری ئاین بن و نە ئاین توانیویەتی دەستبەرداری ئەفسانە بێت،لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێڕەوی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان دیاریکراوە، کە کام هێل ئاینیە و کامیشیان گێڕانەوەیەکی میللیە،کە زۆر جار هەردوکیان یەک پیرۆزییان پێ بەخشراوە.

٣. خاڵی هاوبەشی نێوان ئاین و ئەفسانە کوردییەکان بریتیە لە پەیوەستبونی هەردوکیان بە هەڵچونە دەرونیەکان و عەقڵی ناوەوە،زۆرترین وەڵامی ئەفراندن و گەردون و نهێنیەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم دووانە دۆزراونەتەوە، بە پێی ڕەوتە مێژوییەکان جیاوازی نێوان ڕوناکی و تاریکی،مەعریفە و نەزانین چەند فراوان بێت،ئەوا ئەفسانە پانتاییەکی زۆری گرتووە و کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر عەقڵی مرۆڤ کردوە،نێوانیشیان چەند گەم بوبێت،ئەوا هەلی دەرکەوتنی ئەفسانە کەم بۆتەوە.

٤. ئەو بابەتە هاوبەشانەی کە لە نێوان ئەفسانە و ئایندا تاوتوێکراون و گێڕانەوەی هەمەجۆریان لەبارەوە کراوە،نمونەی:نەمری و دۆناودۆن و بەهەشت و دۆزەخ(پاداشت و سزا) و زیندوبونەوە و قسەکردن لە تەمەنێکی کەمیی منداڵی(نمونەی شێخ فەرخ)،کە هاوشێوەی قسەکردنی ئەو منداڵەیە کە لە گێڕانەوەی حەزرەتی یوسف لە دووتوێی ئایندا هاتوە،.....هتد.

٥. زەمەنی نێو ئاین وئەفسانەکان بەوە ناسراونەتەوە کە زەمەنێکی زۆر دوورودرێژن وەک لە ئەفسانەی میرمح دەگاتە هەزار و پێنجسەد هەزار ساڵ کە زەمەنێکی خەیاڵییە بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی ژیان لە ئێستادا،و هەروەها بەشێکی زۆری گێڕانەوە ئاینی و ئەفسانیییەکان لە نەزانینەوە بۆ زانین بوە ،وەک لە ئەفسانە و گێڕانەوە ئاینیەکانی خدری زیندە ،و ئەفسانەی میرمح ،بەمەش ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکیی سەرنج ڕاکێشتر دەبێت،بۆیە زەمەنی مێژویی و زەمەنی بنچینەیی و زەمەنی گێڕانەوەی ئەفسانەیی بە یەکەوە پێکهاتەیەکی ئەفسانەییان دروست کردوە.

٦. پێکهاتەی گێڕانەوەیی و پێکهاتەی گوتاریی لە نێو هەردوو ئاین و ئەفسانە کوردییەکاندا وەک دوو هێلی هاوتەریب هەنگاویان ناوە،هەر ئەم دوو هێلە و چۆنیەتی بنیادنانیان بۆتە مایەی نەک تەنیا مانەوەی ئەم دوانە ،بەڵکو بۆتە مایەی سەرنجدان و وردبونەوە و لێکۆڵینەوەی وردەکاریەکانی نێو ئەم دوانە و پشکنینی

زێدەتریان بە پێی زانستە هاوچەرخەکاندا، ئەگەرچی بابەتەکان هەر لە بازنەی ئەفراندنی گەردون و ڕێکخستنی گەردون و ئەفراندنی مرۆڤ دەسوڕێتەوە،وەک لە ئەفسانەی میرمح دا بەدیدەکرێت.

## ٥. سەرچاوەکان

## – قورئانی پیرۆز

### ٥,١. بە زمانی کوردی


- حەسەن،فرهاد عزیز (٢٠٢٢)،ئەفسانەی ئەژیدەهاکە یان داستانی زوحاک،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە ٥٢،هەولێر.
- حەسەن،فرهاد عزیز(٢٠٢٢)،ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا،گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ،ژمارە٣،بەرگی١٠،زاخۆ.
- حەمەڕەش،سۆران(١٤٠٢)،ئەفسانەی شاماران لە کوردستان،ئینتەرنێت https://kurdcollect.com>index.php, 9\2\2024
- ڕەسووڵ،عیززەدین مستەفا(دوکتۆر)(١٩٧٠)،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی_لێکۆڵینەوە،چاپخانەی (دار الجاحظ)،بەغدا.
- عارف،د.محەمەدنوری(٢٠٠٧)،فەرهەنگی دیوانی، شاعیران_نالی،سالم،کوردی،کوردستان،هەولێر.
- عەبدولڕەحمان،مەجید(٢٠١١)،خدری زیندە،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر.
- نادەری،شەتاڤ(Setav Naderi)(٢٠٢١)،خواوەندی مێینە_ژن_لە ئەفسانەی کوردیدا،Kurd Arasti rmalar Dergisi Sayi 5,Bahav
- نەبەز،جەمال(د.)(٢٠٠٨)،فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا،کۆ بەرهەم،ژمارە_١٠_،سوێد.
- ئیبراهیم حەسەن،مەولود(٢٠٠٢)،گەڕان بە دوای نەمرییدا،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
- ئەڵوەنی،نجم خالد(١٩٩٧)،ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری_لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکاری،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.


### ٥,٢. بە زمانی عەرەبی


- ابراهيم،نبيلة(د.)(١٩٧٤)،أشكال التعبير في الأدب الشعبي،دار نهضة مصر،القاهرة.
- الجوهري،محمد(الدكتور)(١٩٨٠)،علم الفولكلور_دراسة المعتقدات الشعبية،الجزء الثاني،ط١،دار المعارف،القاهرة.
- حرب،طلال(د.)(١٩٩٩)،أولية النص_نظرات في النقد و القصة و الاسطورة و الأدب الشعبي،دار مجد،ط١،بيروت.

- حسين،مازن محمد(٢٠١٦)،الاسطورة في بلاد الرافدين_دراسة في الفكر الاسطوري الملحمي في الثقافة السومرية و الأكدية،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية،المجلد٦،العدد٤، اصدار خاص بالمؤتمر الوطني للعلوم و الآداب.
- الخادم،سعد(د.)(د.ت)،الفن الشعبي و المعتقدات السحرية،سلسلة الألف كتاب،منشورات مكتبة النهضة،بيروت.
- الخطيب،عماد علي(د.)(٢٠٠٦)،الاسطورة معيارا" نقديا"_دراسة في النقد العربي الحديث و الشعر العربي الحديث،جهينة للنشر و التوزيع.
- خليل،خليل أحمد(١٩٨٦)،مضمون الاسطورة في الفكر العربي،دار الطليعة،ط٣،بيروت.
- الذنون،عبدالحكيم(١٩٩٦)، كلكامش_الانسان و الخلود،دار المنارة،بيروت.
- الربيعي،تركي علي(١٩٩٢)،الاسلام و ملحمة الخلق و الاسطورة،المركز الثقافي العربي،ط١،بيروت.
- ريكور،بول(٢٠١٣)،الاسطورة:التأويل الفلسفي(مقال)،ترجمة: علي المخلبي،الأوان_صحيفة ألكترونية من أجل ثقافة علمانية عقلانية.
- سليمان،محمد عبدالفتاح(د.)(٢٠١٢)،الاسطورة،و التوظيف الحضاري في الثقافة المصرية القديمة،عالم الفكر،العدد٤،المجلد٤٠،المجلس الطني و الفنون و الآداب،الكويت.
- السواح،فراس(2011)،الاسطورة المصطلح و الوظيفة(مقال)،موقع معابر الألكتروني. باقر،طه(د.)(١٩٨٦)،ملحمة جلجامش و قصص اخرى عن جلجامش و الطوفان،ط٥،بغداد.
- الشمعة،خلدون(١٩٧٩)،المنهج و المصطلح_مداخل الى أدب الحداثة،اتحاد الكتاب العرب،دمشق.
- صالح،ابن حمادي(د.ت)،دراسات في الأساطير و المعتقدات الغيبية،دار بوسلاته للطباعة و النشر و التوزيع،تونس.
- عباس،راوية عبدالمنعم(١٩٩٦)،ديكارت و الفلسفة العقلية،دار النهضة العربية،بيروت.
- عباس،راوية عبدالمنعم(د.)(١٩٩٦)،مالبرانش و الفلسفة الالهية،دار النهضة العربية،بيروت.
- عبدالحي،عمر(١٩٩٨)،الفكر السياسي و أساطير الشرق الأدنى القديم في بلاد مابين النهرين و مصر القديمة،المؤسسة الجامعية للدراسات،بيروت.
- فريزر،جيمس(٢٠١١)الغصن الذهبي_دراسة في السحر و الدين،ترجمة: محمد زياد كبة،ط١،القاهرة.
- فريزر،جيمس(٢٠١٦)،الفولكلور في العهد القديم،ترجمة:د.نبيلة ابراهيم،الجزء الأول،رؤية للنشر و التوزيع،القاهرة.
- قاسم،علي حسين(د.)(٢٠١٦)،جدلية العلاقة بين الدين و الاسطورة_دراسة تحليل لمفهوم الاسطورة في فلسفة الدين،حولية كلية الآداب،جامعة بني سويف،مجلده،ج١.
- قاسم،علي حسين(د.)(٢٠١٦)،جدلية العلاقة بين الدين و الاسطورة_دراسة تحليل لمفهوم الاسطورة في فلسفة الدين،حولية كلية الآداب،جامعة بني سويف،مجلده،ج١.
- قطب،سيد(١٩٧٢)،في ظلال القرآن،المجلد الرابع،دار الشروق، القاهرة.

- كاسيرر،أرنست(١٩٧٥)،الدولة و الاسطورة،ترجمة:د.أحمد حمدي محمود،مراجعة:أحمد خاكى،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة.
- محمود،هشام عبدالعزيز(٢٠١٨)،الدين بين الأساطير و المعارف التقليدية،مجلة هرمس،المجلد٧،العدد ٣.
- المصري،حسين مجيب(د.)(٢٠٠٥)،الاسطورة بين العرب و الفرس و الترك_دراسة مقارنة، الدار الثقافية للنشر،القاهرة.
- مهدي،فالح(١٩٨١)،البحث عن منقذ_دراسة مقارنة بين ثماني ديانات،ط١،دار بن الرشد للطباعة و النشر،بيروت.
- الياد،مرسيا(د.ت)،الحنين الى الاصول_في منهجية الأديان و تاريخها،ترجمة: حسن قبيسي،دار قابس،بيروت،دمشق.
- ٥_٣ به زمانى فارسى
- باربور،ايان(١٩٩٣)،علم و دين(العلم و الدين)،الترجمة الفارسية:بهاءالدين خرمشاهى،مركز نشر دانشكاهى،طهران.
- شفق،صادق رضا زاده(١٣١٣)،شاهنامه و أوستا ،مجله مهر،شماره٥_٦،سال دوم،تهران.
- كاسيرر(٢٠٠٠)،أنديشه اسطوره(الفكر الاسطوري)،ترجمة: يدالله موقن،هرمس،طهران.

### ٥,٣. به زمانى ئينگليزى

- John.w.Tigue(1992) Teaching Methology as subtet of the Humenities,the journal of Genral Education,the pennsylvaria state university,vol 41 .
- Cassirer,Ernest(1955),Thephilosophyofsymbolic,forms,vol.2,mythical thought,translated:Ralph manhein,Yale university pres.
- Strenski,Lvan(1987)Four Theories of myth in Twentieth century History,Cassirer,Eliade,Levi_straussandMalinowski,Macinillan,London.

# سمة الدين وآثارها في الأسطورة الكردية

**الملخص**

تعد الأسطورة آلة التثقيف وأسلوب التفكير والتعبير عن المشاعر والعواطف هو الذي يمدها تمدها بالحيوية والنشاط، ويمتلك الشعب الكردي خزينا ثريا من الأساطير التي تعكس طريقة تفكيرهم و ضروب معتقداتهم وسماتهم.

فكما كانت كردستان مهدا للحضارة البشرية، كان مهدا لظهور كثير من الأديان أيضا، من نحوالديانة المترائية واليزيدية واليارسانية التي وجدت لها جذور فيما بعد حتى في الديانة الإسلامية والنصرانية، وكذلك نشأ الحس الديني عند الإنسان باديء ذي بدء في الأسطورة والتعبيرات البدائية؛ لذلك تمثل الأسطورة امتداد التفكير البشري في بداية نشأته بغية الإجابة عن تساؤلات متعددة ومتنوعة بشأن الطبيعة عموما، والحياة والممات خصيصا، وهذه التساؤلات بحد ذاتها أنتجت الأسطورة.

وانطلاقا من هذه الرؤية، يمكننا القول إن الأسطورة والدين ثنائية غير منفصلة، ويكون البحث في مثلث معرفة الإله والطبيعة والإنسان نفسه في ضوء فهم الإنسان لصلب هذه الثنائية؛ لأن التجربة الدينية تستند إلى الانفعالات الداخلية للإنسان، وهذا ما يربطه بالأسطورة التي تستمد قوتها من القوى الداعمة للتجارب الدينية.

لقد جعل بعض الكتاب مثل (عربي شمو، وأبوفيان) الأسطورة أداة لتصوير الأفكار الدينية القديمة والجديدة عند الكرد، وقد تساوت الأسطورة مع الدين في التأثير في الفرد الكردي في الجانب الإيجابي والسلبي ورموزهما.

وبناء على ماسبق ذكره خصصنا بحثنا لدراسة ( سمة الدين وآثارها في الأسطورة الكردية) الذي يتألف من مقدمة ومحورين، عُنوِّن الأول بـ ( الأسطورة والدين، ثنائية غير منفصلة)، أما المحورالثاني فيتطرق إلى ( المعتقدات الدينية في الأسطورة الكردية)، ثم ختم البحث بالنتائج وثبت المصادر والمراجع مع ملخصين باللغتين العربية والإنكليزية.

**الكلمات الدالة:** *الأسطورة الكردية، الدين، الثقافة، اللغة، الإيحاء.*

# The Origins and Appearance of Religion in the Kurdish Mythology


## Abstract

Myth serves as a powerful tool for enlightenment, blending ideas and emotions in a way that infuses it with vitality, and it is deeply embedded in the collective consciousness. Kurdistan, recognized as the birthplace of humanity, is also home to the origins of several religions, including Mithraism, Yazidism, and Yarsanism, whose influences can be traced in major world religions like Islam and Christianity. The earliest stages of human religious sentiment stemmed from myths and initial expressions, which sought to address fundamental questions about the mysteries of the universe, as well as life and death.

In this context, it can be argued that myth and religion are inherently interconnected, forming a dynamic duality. The study of the relationship between God, the universe, and humanity is closely linked to an understanding of these two elements, as religious experiences are rooted in the internal turmoil of individuals. This connection between religion and myth allows myth to draw from the forces underlying religious experiences. Various scholars, such as Arabi Shamu and Abovian, have employed myth as a means to validate both ancient and modern Kurdish religious beliefs. In this sense, myths and religious forces converge, with their shared symbolic power and capacity to represent virtue.

Thus, our research focuses on the "features and manifestations of religion within Kurdish mythology." In addition to the introduction, the study is divided into two sections: the first explores "Myth and Religion: An Inseparable Duality," while the second examines "Religious Beliefs within Kurdish Mythology." The research concludes with a summary in both Arabic and English, along with a reference list.



**Keywords**: *Kurdish Mythology, Religion, Culture, Language, Literature*.